# بەڵگەنامەکان شایەدی دەدەن: *
# کورد– ژ. و. ستالین – کرێملین

ئامادەکردنی ئالێکسی باقرۆڤ
وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە: کامران ئەمین ئاوە

## کورتە وتاری وەرگێڕ

لە ڕەزبەری ١٣٢٤ هەتاوی، دوابەدوای هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر کوردستان و شکستی کاتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی عێراق، مەلا مستەفا بارزانی لەگەڵ زۆرێک لە هێزە شەرڤانەکانی ناچار بوون پاشەکشە بکەن و پەنا بۆ کوردستانی ئێران ببەن. لەگەڵ ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤، بارزانی و هاوڕێکانی تا دوا ڕۆژانی کۆماری تازەپێگەیشتووی کوردستان لە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا خزمەتیان کرد.

دوای چەند مانگێک لە هێرشی سوپای ئێران بۆ سەر ئازەربایجان و کوردستان کە بوو بە هۆی ڕووخانی هەردوو حکوومەتی نیشتمانیی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٥، بارزانییەکان بەرەو کوردستانی عێراق وەڕێ کەوتن. مەلا مستەفا بارزانی، کە ئامادە نەبوو خۆی تەسلیمی ڕژێمی بەغدا بکات، لەگەڵ ٥٠٠ کەس لە پێشمەرگەکانی، دوای مانەوەیەکی کورت لە ناوچەی بارزان، بۆ گەیشتن بە سنووری ڕووباری ئاراس ڕێگایەکی دووری بە درێژاییی سنوورەکانی عێراق و تورکیا و ئێران بڕی. ئەم ڕێپێوانە دوورودرێژە یەکێک لە عەمەلیاتە هەرەحەماسییەکانی پێشمەرگەی کورد بە سەرکردایەتیی م. بارزانییە کە بوو بە هۆی سەرسوڕمان و سەرسامیی تەنانەت دوژمنەکانیشیان. بارزانی پێش بەزاندنی سنوور، نوێنەرێکی ڕەوانەی خاکی سۆڤیەت کرد و لە ڕێگەی نامەیەکەوە کە ئاراستەی خودی ستالین کرابوو، داوای مۆڵەتی بەزاندنی سنووری یەکیەتیی سۆڤیەت و پەنابەریی لە وڵاتی «سۆڤیەت» کرد، بەڵام بەهۆی بوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە بریندار و نەخۆشەوە، هەروەها ماندووبوونی زۆربەی پێشمەرگەکان و مەترسیی هێرشی هێزە زەوی و ئاسمانییەکانی سوپای ئێران، بێ چاوەڕێ بوونی وەڵامی موسکۆ، لە ٢٦ی جۆزەردانی ١٣٢٦ سنووری ئازەربایجانی سۆڤیەتیان بەزاند. بارزانی و هاوڕێکانی کە بە دوای پەناگەیەکدا گەیشتبوونە خاکی یەکیەتیی سۆڤیەت، بەداخەوە وەک زۆرێک لە پەنابەرە شۆڕشگێڕەکانی وڵاتانی دیکە، لە «مەدینەی فازلەی زەحمەتکێشانی جیهان» تووشی گەلێک بێ مێهری و ئازار بوون.

لە وتارێکدا کە ئێستا لەبەردەستی خوێنەراندایە، ئالێکسی باقرۆڤ ئاماژەی بە دوو نامەی م. بارزانی و یەکێک لە وتارەکانی ستالین لە کۆبوونەوەی دەستەی سەرۆکایەتیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت (بالشویکەکان) لە نوامبری ساڵی ١٩٥٠، و بۆچوونی مامەڵەچییانەی ستالین و سەرکردەکانی سۆڤیەت سەبارەت بە پرسی کورد دەکات.

دوای ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت، بەڵگەنامەیەکی زۆر سەبارەت بە بارزانییەکان و چارەنووسیان لە خاکی یەکیەتیی سۆڤیەتدا بڵاو کرانەوە، بەشێک لەو بەڵگەنامانە لەلایەن نەمر دوکتور ئەفراسیاب حەلیمی(هەورامی) (١٣٣٤-١٣٨٩) وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی و لە کوردستانی عێراقدا چاپ و بڵاو کراونەتەوە.

هیوادارم بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە بەڵگەنامانە یارمەتیدەر بێ بۆ ناسینی ڕابردوو، بۆ ئەوەی وەچەی ئێستا و داهاتوو جارێکی تر ئەزموونی هەڵەی پێشینیانی خۆیان دووپات نەکەنەوە.

پرسی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی-سیاسی و ئیداریی کورد لە تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا، هەمیشە لە لایەن زلهێزەکانەوە لە پێناوی بەرژەوەندییە ژئۆپۆلەتیکییەکانیان کەلکی لێ وەرگیراوە و، ئێستاش کەلکی لێ وەردەگیرێت. هەروەها ئێستا هەوڵدان بۆ دابەشکردنی نەتەوەی کورد لە ڕوانگەی جوغرافی و ئایینییەوە و بە هەمان شێوە بە «لاڕێبردنی» هەوڵ لەپێناو چارەسەری تایبەتیی ئەم کێشەیە، بە چەشنێکی بەرچاو لەزیادی داوە.

بەهۆی هۆکاری ئابووری و فاکتەرەکانی جوغرافیای سیاسی، دروستکردنی دەوڵەتی کوردی تا ئێستا لە قازانجی زلهێزەکان

نەبووە. بەڵام هاوکات«پرسی کورد» لەلایەن ئەمریکا و یەکیەتیی ئەورووپا لە سیاسەتەکانیان بەرانبەر تورکیا، عێراق و سوریا بەردەوام کەلکی لێ وەردەگیرێ. بەم پێیە، کاتێک پێویستیی بە وەرگرتنی ئیمتیاز لە تورکیا هەیە، چەلاوچەل بارودۆخی ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا لە چوارچێوەی وتووێژی یەکیەتیی ئەورووپا و تورکیادا باس دەکرێت، بەڵام لەگەڵ وەدیهاتنی ئامانجەکانی «یەکیەتیی ئەورووپا»دا، پرسی کورد»بە شێوەیەکی» کاتی لەلایەن ئەوانەوە لەبیر دەکرێ...

ڕۆژاوا و ڕووسیا بە کردەوە لە گفتوگۆی گشتی سەبارەت بە پرسی کورد لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەمڕۆدا خۆ دەپارێزن، هەر لەبەر ئەو هۆکارەش، تەنانەت لەمڕۆشدا باسکردنی ئەو دۆزە لەژێر کاریگەریی هەندێک ڕەچاوکردنی تایبەتدایە. بەشێوەیەکی گشتی بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو «نیگەرانییانەی کە بەردەوام لە لایەن تورکیاوە سەبارەت بە ئەگەری بوونی جیاییخوازانی کورد لە ڕووسیا دەردەبڕدرێن، بەرزبوونی ڕادەی گرێدراویی ئابووری- سیاسیی فیدراسیۆنی ڕووسیا بە بەرژەوەندییەکانی تورکیاوە بووەتە هۆی وەلانانی پرسی کورد لە وتووێژەکانی ڕووسیا و تورکیادا".

لەم پێوەندییەدا دەمەوێت ئەوەتان وەبیر بێنمەوە کە ئاواتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد بە پشتیوانیی ڕاستەقینەی یەکیەتیی سۆڤیەت، لە جێی خۆیدا نەبوو. بێجگە لەوەش، زۆرێک لە سەرکردەکانی ئەو بزووتنەوەیە کە دانیشتووی یەکیەتیی سۆڤیەت بوون، لە ڕاستیدا لە وەزعییەتی دوورکراوە، دەرکراو و تەنانەت زیندانیشدا بوون.

لەگەڵ ئەوەش، زۆرێک لە سەرکردەکانی حیزبە کۆمۆنیستەکان چارەنووسێکی هاوشێوەیان بوو، بۆ نموونە م. ڕاکۆشی[۱] لە هەنگاریاوە، ن. زاخاریادیس[۲] لە یۆنانەوە، س. زاهیر[۳] لە پاکستانەوە، م. ب. ئەحمەد[۴] لە مالیزیاوە. لە یەکیەتیی کۆمارە سۆسیالیستییەکانی سۆڤیەتدا زۆرینە و بەتایبەتیش سەدان کۆچبەری کۆمۆنیست لە تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا، میسر، سودان، جەزائیر، مەغریب، چین، ئەندەنوزیا، بێرمە، مالیزیا و ئوردن بە هۆی ڕێگربوونیان لە «دۆستایەتی»ی ناوبەناوی مۆسکۆ لەگەڵ ڕژێمە ناسیۆنالیستەکانی ئەو وڵاتانە لە دۆخێکی هاوشێوەدا بوون.[۵]

ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە سیاسەتی دووڕوویی و هەلپەرستانەی یەکیەتیی کۆمارە سۆسیالیستییەکانی سۆڤیەتی لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورددا دەسەلمێنن. پێویستە لەم بابەتە بگەین بۆ ئەوەی ئەم چەشنە وەهمە سەبارەت بە «ڕاستگۆیی» سیاسیی زلهێزەکان لە پرسی کورد لە دەرەوە [ی کوردستان] لە داهاتووشدا نەیەتە پێشەوە.

## نامەی م. بارزانی بۆ ژ. و. ستالین، ۱۱ی ژوونی ۱۹۴۷

«هاوڕێ ستالینی ئازیز»

**۱** ئێوە دەزانن ئێمە لە عێراق بۆ ڕزگاریی کورد دژ بە حکومەتی عێراق ڕاپەڕیوین. دوای ئەو ڕاپەڕینە، لە ساڵی ۱۹۴۵، بە گەڕان بەدوای پەناگەیەک لە تەنیشت سوپای سۆڤیەتدا، چووینە ناو ئێرانەوە. بە هاتنمان بۆ ئەوێ، بەشداریمان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بۆ ئازادیی گەلانی ئازەربایجان و کورد کرد.

**۲** لە ۱۰ی دسامبری ساڵی ۱۹۴۶ هێزە دیموکراتییەکانی ئێران لەژێر گوشاری هێزە کۆنەپەرستەکاندا تەسلیم بوون، بەڵام ئێمە لە بەرخۆدان بەردەوام بووین. نەتەوەکانی تریش پەیوەست بوون بە ئێمەوە. ئەگەر بەگ و خانە کوردەکان لە ئێران هاوکاریی حکومەتی ئێرانیان نەکردایە، ئێمە پاشەکشەمان نەدەکرد، درێژەمان بە خەبات دەدا.

**۳** ئێستا بەهۆی هاوکاریی [لە دەقەکەدا نووسراوە «یارمەتی»] کۆنەپەرستانەی تورکیا و عێراق لەگەڵ یەکتر، لە دۆخی لەناوچووندایین. [هەرچەندە] هێزێکی کەممان هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی قوربانیدانی زۆرەوە، لە بەرانبەر فشاری کۆنەپەرستەکاندا خۆڕاگر بووین. ئێمە لەژێر ڕۆشنایی ڕۆحی شۆڕشگێڕانەدا سەرکەوتین و هێزی خۆمان پاراست. ئێمە

هیوامان بە کوردستانی عێراق بوو، بەڵام مشتێک کۆنەپەرەست خەیانەتیان پێ کردین. ئێمە شاهیدی یارمەتیی سوپای تورکیا بووین لە عێراق بە کۆنەپەرستانی تورکیا و عێراق و ئەمەش ناچاری کردین بۆ پاراستنی هێزەکانمان لە پێناوی خەباتی داهاتوودا بە شێوەیەکی کاتی خەباتمان بوەستێنین.

۴ لەبەر ئەم هۆکارە بڕیارمان دا بەرەو سنووری سۆڤیەت وەڕێ کەوین، دوای شکاندنی گەمارۆی سوپای ئێران، چووینە ناو تورکیا و لەوێشەوە بەرەو سنووری سۆڤیەت وەڕێ کەوتین. لە ۲۰ ڕۆژدا گەیشتینە ئاراس. لە ماوەی ئەو ۲۰ ڕۆژەدا، کۆنەپەرستانی ئێران هەوڵیان دا ئێمە لەناو بەرن، بەڵام ئێمە بە شەڕی توند خۆمان گەیاندە سنووری سۆ ڤیە ت .

۵ ئێستا ۵۰۰ شۆڕشگێڕی بارزانی لەسەر سنووری سۆڤیەت هەن. لەناو ئێمەدا بریندار و ماندوو زۆرن. وەک هەموو گەلە دیموکراتەکان کە پێویستییان بە ئازادییە، چاوەڕوانی هاوکاری لە هەڤاڵ ستالین دەکەین. ئێمە دەمانەوێت بێینە ناو خاکی سۆڤیەت، دەزانین حکومەتی سۆڤیەت دیموکراتترین حکومەتی کرێکاران و جووتیارانە. بەپێی ئەو بارودۆخەی کە هەمانە، تکاتان لێ دەکەین یارمەتیمان بدە ن .

بژی هەڤاڵ ستالین و هەموو گەلی سۆڤیەت!»

[بەشێک لە] وتاری ژ. و. ستالینە لە کۆبوونەوەی دەستەی سەرۆکایەتیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت (بالشویکەکان)، نوامبری ۱۹۵۰

ئەگەر شەڕڤانانی کورد دەتوانن لە عێراق و ئێران پێش بە ئینگلیز و ئەمریکییەکان بگرن، بەتایبەت لە بەرنامەی کۆنترۆڵکردنی نەوتی ئەو وڵاتانە لەلایەن ئەنگلۆساکسۆنەکانەوە، پێویستە گرنگی بەو بابەتە بدەین. تورکیاش لە کوردە پارتیزانەکان دەترسێ». خاڵێک کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێ، بەڵام زۆرێک لە کوردانی قەفقاز لە ئۆزبەکستان دەژین، دەتوانن پەیوەست بە کوردانی گرووپەکەی بارزانی بن، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە مەترسی لە ئۆزبەکستان هەیە؟ دەبێت بڕیار بدەین: ئەگەر هەرێمێکی خودموختاری کورد لە ئۆزبەکستان دروست بێ، ئەی کوردانی بارزانی و خودی بارزانی چ شوێن و پێگەیەکی تێدا دەبێت؟ ئایا [ئەوان] دەبێ لە ئۆزبەکستانەوە بگوازرێنەوە بۆ شوێنێکی تر؟، پێویستە هەموو ئەمانە وەکو کۆیەک چارەسەر بکەین.

### [بەشێک لە] داخوازیی م. بارزانی بۆ ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت. ن. محێدینئۆف[6] و ب. پاناماریێف[7]، ژانویەی ۱۹۵۸

«من ژن و منداڵ و برا و خزمەکانی دیکەم لە عێراق بەجێ هێشت. تەنانەت لەم ۱۱ ساڵەدا (نیشتەجێبوونم لە یەکیەتیی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤیەتی. ئـ.ب.)، هیچ زانیارییەکم لە بوونیان نییە. من بەدوای ڕاستی و ئازادییەوە بووم. من بۆ یارمەتیدانی گەلەکەم هاتوومەتە وڵاتی ئێوە، من بۆخۆم پێویستیم بە هیچ شتێک نییە. ئێستا، من جارێکی دیکە داوای یارمەتی لە حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت و حکومەتی سۆڤیەت دەکەم بۆ ڕزگاربوونمان لە کۆت و بەندەکانی کۆلۆنیالیزم. من ئامادەم یەکیەتیی سۆڤیەت بەجێ بهێڵم و ئامادەم بچمە هەر وڵاتێکی دیکە بۆ درێژەدان بە خەبات. ئەگەر جارێکی تر بە داخوازییەکەم ڕانەگەن، ئامادەم بمرم. لێرەدا، بە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت ڕادەگەیەنم، مان لە خواردن دەگرم، چونکە زیاد لەوە ناتوانم هیچی تر بکەم»

## پەراوێزەکان:

۱. ماتیاش ڕاکۆشی(۱۹۷۱ — ۱۸۹۲)
۲. نیکۆس زاخاریادیس(۱۹۷۳-۱۹۰۳)
۳. سجاد ظهیر(۱۹۷۳-۱۹۰۴)
۴. م. ب. ئەحمەد، وێدەچێ مەبەست بوستامان ئەحمەد (۱۹۸۳ — ۱۹۲۰) بێ.
۵. بۆ ئاگاداریی زۆرتر لە چارەنووسی م.

ڕاکۆشـــی و نیکۆس زاخاریادیس بڕوانه: قربانیان سـرکوب خروشچف:
https://fa.topwar.ru/103997-zhertvy-hruschevskih-repressiy.html

هەروەها: مورد نیکوس خشمگین.
https://fa.topwar.ru/۳۳۶۸۵-delo-neis-tovogo-nikosa-byvshiy-gensek-kompartii-grecii-zhil-v-sssr-s-pas-portom-na-imya-nikolaya-nikolae-va.html

٦. محیدینئـــۆڤ، نوریتدین ئەکرامۆویچ (۲۰۰۸-۱۹۱۷)
Нуритди́н Акра́мович Мухитди́нов(Nuritdin Akramovich (Mukhitdinov
کەســـایەتییەکی دیاری دەوڵەتـــی و حیزبی لە یەکیەتیی ســـۆڤیەت، دەبیری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبـــی کۆمۆنیســـتی یەکیەتیی ســـۆڤیەت، ئەندامـــی دەســـتەی ســـەرۆکایەتیی کۆمیتەی ناوەندیـــی حیزبـــی کۆمۆنیســـتی یەکیەتیی ســـۆڤیەت، نوێنەری شـــوورای باڵای یەکیەتیی ســـۆڤیەت و ســـکرتێری یەکەمـــی کۆمیتەی ناوەندیـــی حیزبی کۆمۆنیســـتی ئۆزبەکســـتان (۱۹۵۷-۱۹۶۱). یەکێک لە بەرپرســـانی حیزبی کۆمۆنیســـت لە پێوەنـــدی لەگـــەڵ کاروباری کۆمارەکانـــی ســـۆڤیەت و وڵاتانـــی بیانی لە ئاســـیا بووە. لە نێوان ســـاڵانی ۱۹۶۸ بۆ ۱۹۷۷ باڵوێزی ســـۆڤیەت بووە لە ســـوریا.

٧. پاناماریف، بۆریس نیکۆلایوویچ(۱۹۹۵-۱۹۰۵)
Пономарев Борис Николаевич ((Boris Nikolayevich Ponomarev
بەڕێوەبـــەری کۆمیتـــەی ناوەندیـــی حیزبـــی کۆمۆنیستی یەکیەتیی ســـۆڤیەتی سۆسیالیستی و کاندیـــدی ئەندامێتی لە دەفتەری سیاســـیی حیزبـــی کۆمۆنیســـتی یەکیەتیی ســـۆڤیەت، جێگری یەکەمی بەرپرســـی لقی پێوەندییەکانی دەرەوە؛ کۆمیســـیۆنی سیاســـەتی دەرەوە؛ کۆمیســـیۆن و پاشـــان لقی پێوەنـــدی لەگەڵ پارتـــە کۆمۆنیســـتییە دەرەکییەکانی کۆمیتەی ناوەندیـــی حزبـــی کۆمۆنیســـتی یەکیەتیـــی ســـۆڤیەت (بالشـــویکەکان) بوو. لە ساڵی ۱۹۵۵ تا ۱۹۵۷ ســـەرۆکایەتیی لقـــی پێوەندی لەگەڵ پارتـــە کۆمۆنیســـتەکانی دەرەوە لـــە وڵاتانی ســـەرمایەداری و هەروەهـــا پارتـــە چەپەکانی وڵاتانی جیهانی ســـێهەمی کـــردووە.

**سەرچاوە:**

*Свидетельствуют документы: Курды – И.В.Сталин – Кремль
http://www.kurdishcenter.ru/index.php?option=com_content&view=article&id=6756;2013-01-25-12-14-02&catid=94;2012-02-08-17-21-51
http://kurdist.ru/